


# کتێبی (بوون و کات)ی مارتن هایدگەر

هاشم سەڕاج

(٢ - ٢)

هایدگەر بە وردی لە چەمکی بوونی لە پێشتر و مامناوەندێتی ژیانی ڕۆژانەی دازاین دەدوێت و دەڵێت لە مامناوەندێتی ژیانی ڕۆژانەیدا بنیادێکی مامناوەندی نادیاری نییە، ئەوەی ئۆنتۆکییانە دەگیرێن و مامناوەندییە لەنێو بنیادەکەدا ئۆنتۆلۆجییانە دەبینرێت، کە لەنێو بنیادەکەدا لە خەسڵەتە ئۆنتۆلۆجییەکانی بوونی ڕەسەنایەتی دازاین جیانابێتەوە، هەروەها هایدگەر لە توێژینەوەکەیدا خۆی لە بەکاربردنی «کاتیگۆرییەکان» سەبارەت بە بوون بە دوور دەگرێت، چونکە لە ئۆنتۆلۆجی کۆندا کاتیگۆرییەکان بۆ ناسینی هەبووەکان بەکارهێنراون، بەڵام بوونی هەبووەکان لە دوورەوە خۆی دەردەخات و دەدۆزرێتەوە، بوون لە پێشتر و لەگەڵ ڕووبەڕووبوونەوەی هەر یەکێک لە هەبووەکان دەناسرێت.

دوکتۆر محەمەد کەمال لە پەراوێزی لاپەڕە (٩٦)دا دەڵێ من لە نووسراوەکانمدا ئەم خەسڵەتانەی دازاینم بە «پێشمەرجی ئۆنتۆلۆجی داناوە و چەمکی ئێگستێنشالیا»م بەکارنەهێناوە، هایدگەر لە بەشێکی تری توێژینەوەکەدا هەوڵ دەدات شیکردنەوەی دازاین، لە ئەنترۆپۆلۆجی، سایکۆلۆجی و بایۆلۆجی جیا بکاتەوە، دواتر کار لەسەر «کۆجیتۆ سوم»ی دیکارت دەکات «من بیر دەکەمەوە کەوابوو من هەم»، هەروەها چەمکی «ئیگۆ» شی دەکاتەوە، وێڕای کارکردنی لەسەر دەستەواژەکەی «شیلەر» سەبارەت بە بوونی کەس و کردەوە مەبەستدارەکەی، هەروەها سەرنجی خۆی لە بارەی هەردوو دەستەواژە یۆنانی و تەوراتییەکە دەخاتەڕوو لە یەکەمدا «مرۆڤ بە ئاژەڵێکی ژیر، یان ژیانێکی هۆشمەند دانراوە» لە دووەمدا خەسڵەتی سروشتی بوونی مرۆڤ و جەوهەر تیۆلۆجیانەیە «خوا گوتی با مرۆڤ بە وێنەی خۆمان ئافەرید بکەین و لە ئێمە بچێت»، بەڵام هایدگەر بەردەوام درێژە بە تێزە ئۆنتۆلۆجییەکەی دەدات و بە دوای بوون و واتای بووندا دەگەڕێت.

هایدگەر دەڵێت: ئەگەر بمانەوێت لە چەمکی بنەڕەتی «بوون» تێی بگەین، نەخشەی ئۆنتۆلۆجیانەشی بۆ دابنێین و گۆڕانکارییە پێویستییەکانی بناسین، پێویستە ڕێنمایییەکی کۆنکرێتی بدۆزینەوە،

له ڕێگەی ڕاڤەکردنی جۆرێک له هەبووەوە، کە دازاینە له واتای بوون تێ بگەین، دازاینیش بوونێکی مێژوویی هەیە، دەبێت بنیادی بنەڕەتی دازاین شی بکەینەوە، بوونی لەنێو جیهاندا، کەواتە بابەتی شیکردنەوەمان جیهانە بە جیهانیبوونی خۆیەوە، بوون لەنێو جیهاندا، وەک بوونی خود لەگەڵ کەسانی دیکەشدا، بوون لەنێو وەک خۆی، لەسەر بناغەی شیکردنەوەی ئەم بنیادە بنەڕەتییە و سەلماندنی سەرەتایی بۆ گونجاندنی بوونی دازاین، واتا بوونگەرایەتییەکەی وەک- نیگەرانی- باس دەکەین.

هەڵبەتە جەوهەری دازاین له بوونیدایە، دازاین له هەموو حاڵەتێکدا و هەمیشە بوونی منە، هایدگەر له شێوازەکانی بوون و خەسڵەتەکانی دەدوێت وەک ڕەسەنی و نارەسەنی، هەروەها پێشتریێتی بوونی بەسەر جەوهەردا و ئەو فاکتۆرەی له هەموو حاڵەتێکدا من «دازاینم»، دازاین هەبوویەکە لەبەر ڕۆشنایی تێگەیشتن له ئەگەری بوونی خۆی پێناس دەکات، ئەمەیش واتای فۆرمی «پێکهاتەی بوونگەرانەی دازاینە»، هەروەها ژیانی ڕۆژانە سەرەتایی نییە، بەڵکو شێوازی بوونی دازاینە، فینۆمینەی سەرەتایی کەمتر شاراوە و ئاڵۆزە، دازاینی سەرەتایی زۆرتر ڕاستەوخۆ لەگەڵماندا له بارەی خۆ خەریککردنی بە دیاردەکانەوە دەدوێت، هایدگەر درێژە بە توێژینەوەکەی دەدات بە وردی له خەسڵەتەکانی دازاین دەدوێت، دازاین ئەو هەبووەیە کە له بوونیدا بە تێگەیشتنەوە ڕوو له بوونی خۆی دەکات، دازاین بوونی منە، ئەم منێتییە سەر بە بوونی هەموو دازاینێکە، هەڵبەتە بوون لەنێو جیهان حاڵەتی دازاینە و پێویستییەکی لەپێشترە، بوون لەنێو، واتە هەبوویەک لەنێو هەبوویەکی دیکەدایە، بەو جۆرەی ئاو لەنێو لیوانەکەدا، یان جلەکان لەنێو دۆڵابەکەدان، لێرە لەنێو واتای «نیشتەجێبوون» دەبەخشێت، بوون لەنێو، کەوابوو دەربڕینی پێشمەرجێکی ئۆنتۆلۆجییانەی بوونی دازاینە، کە بوون لەنێو جیهان بۆی بووە بە مەرجێکی بنەڕەتی، هەروەها دازاین لەبەر ڕۆشنایی فاکتۆری بوونی دەرەکی خۆی لەخۆی تێدەگات، فاکتۆر بوونی دازاین له بنەڕەتەوە ئۆنتۆلۆجییانە له فاکتۆری بوونی بەردێکەوە جیاوازە.

پاشان هایدگەر له چەمکی -فاکتەسیستی- دەدوێت، ئەو واتایە دەبەخشێت کە هەبوویەک لەنێو جیهاندا بوونی لەنێو جیهانی بەجۆرێک هەیە، دەزانێت لەگەڵ هەبووەکانی دیکەدا و لەنێو جیهانی خۆیدا بەرەو چارەنووس دەڕوات، هەروەها چەمکی نیگەرانی و ئاگایی شی دەکاتەوە، نیگەرانی وەکو پێشمەرجێکی ئۆنتۆلۆجی دەبینرێت و ئاماژە بۆ ئەو شێوازی بوونە دەکات، کە لەنێو جیهاندایە، بوونی دازاین وەک نیگەرانی دەردەکەوێت، لەبەر ئەوەی بوون له نێو جیهان له بنەڕەتەوە سەر بە بوونی دازاینە، بوونی دازاین ڕووەو جیهان نیگەرانییە، کاتێک بوون لەنێو جیهان فینۆمینۆلۆجییانە دەردەکەوێت هەموو شاردنەوە داپۆشینێک ڕەت دەدرێتەوە، چونکە ئەم دیاردەیە لای دازاین هەمیشە له یەکێک له شێوازەکاندا دەبینرێت، دازاین له زۆربەی حاڵەتەکاندا تێگەیشتنی ئۆنتۆلۆجییانەی له بوونی خۆی لەو هەبووانەوە پەیدا دەکات کە ئەو نین و لەنێو جیهاندا ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، هەروەها ئەو زانینەی پەیدا دەبێت وەک ناسینی جیهان دەبێت بە پێوەندی نێوان دەروون و جیهان، هەروەها زانین خەسڵەتی فینۆمینالی ئەو بوونەی نێو جیهانە و ڕوو لەجیهانیش دەکات، زانین شێوازێکی بوونی دازایینە، وەک بوون لەنێو جیهان و ئۆنتیکییانە لەنێو ئەم بەستێنەدا پەیدا دەکرێن.

دواتر هایدگەر بە قووڵی له چەمکی هەستکردن دەدوێت، لەگەڵ ڕوودانی هەستکردندا کەسێک ڕوو له بابەتێک دەکات و باسی دەکات، ئەمەش بە واتایەکی گشتی له ڕاڤەکردن دەچێت، لەسەر بناغەی ڕاڤەکردنەکەش هەستکردن دەبێت، بە دیاریکردن و پێناسەکردن، هەمدیس دەربارەی زانین دەڵێت: زانین شێوازێکی بوونی دازاینە و لەنێو زەمینەی بوون لەنێو جیهاندا دەدۆزرێتەوە، کە وابوو بوون لەنێو جیهان وەک دۆخێکی بنەڕەتی دەبێت لەپێشەوە ڕاڤە بکرێت، دواتر له هەبووەکانی نێو جیهان دەدوێت وەک خانووەکان، درەختەکان، خەڵکی، چیاکان، ئەستێرەکان، هەروەها خودی سروشت شی دەکاتەوە و جەخت لەوە دەکات کە سروشت بابەتێکە لەنێو جیهاندا و

ڕووبەڕووی دەبینەوە و بە چەند قۆناغ و لە چەند قۆناغێکدا دەیدۆزینەوە.

ئێمە دەڵێین هەبووەکان لەنێو جیهاندان، ئایا جیهان خەسڵەتی بوونی دازاینە؟ جیهانێتی چەمکێکی ئۆنتۆلۆجییە و ئاماژە بە بنیادێکی پێکهاتووی بوون لەنێو جیهان دەکات، بوون لەنێو جیهانیش بە خەسڵەتێکی بوونگەرانەی دازاین دادەنێن، کەوابوو جیهانێتی دەبێت بە پێشمەرجێکی ئۆنتۆلۆجی بۆ بوونی دازاین، هەروەها جیهان وەک چەمکێکی ئۆنتۆلۆجی بەکاردێت و ئاماژە بۆ بوونی هەموو بابەتە دەرەکییەکانی نێو جیهان دەکات، هاوکات جیهان لەلایەنی ئۆنتیکییەوە لێکدەدرێتەوە، دواجار جیهان واتایەکی ئۆنتۆلوجی- بوونگەرانەی وەک جیهانی هەیە، کەواتە ئەگەر بوون لەنێو جیهان بۆ حاڵەتی دازاین دانەنرێت، دیاردەی جیهانێتی نابینرێت، دواتر لە چەمکی ژینگە و هەبووەکانی نێو ژینگە و جیهانێتی ژینگە شی دەکاتەوە، هەمدیس لە کۆجیتۆی دیکارت دەدوێت کە جیهانی بەرانبەر جەوهەری بیرکەرەوە داناوە.

هایدگەر لە بارەی هەبووەکان دەدوێت، ئەو هەبووانەی دەبن بە تێزی سەرەتایی، ئەوانەن لەنێو ژینگەدا بۆ نیگەرانی خۆیان دەردەخەن، شیکردنەوەکە لەم هەبووانەوە دەست پێ دەکات و دواییش لە بوون دەکۆڵێتەوە، ئەو شتانەی بە نیگەرانییەوە ڕووبەڕوومان دەبنەوە بە -ئامێر- نێودەبرێن، هایدگەر- لەم بەشەدا زۆرتر لە ئاماژەی هەبووەکان دەدوێت، واتە شتێک کە ڕووبەڕوومان دەبێتەوە، هاوکات ئاماژە بۆ شتێکی تر دەکات، چەکوشکاری بەکارهێنانی تایبەتی چەکوشەکە دیاری دەکات، بەکارهێنانەکە دەکەوێتە سەر لایەنی ئاماژەکردنەکان، بۆیە لەپێناوی ئەوەدا، هایدگەر ئەم جۆرە هەبووانە بە بابەتی بەردەست ناو دەبات، هەروەها دوکتۆر محەمەد کەمال لە پەراوێزی لاپەڕە (١٣١)دا چەمکی بابەتی بەردەست بەم جۆرە شی دەکاتەوە. هەموو ئەو شتانەی لە ژیانی ڕۆژانەماندا بەکاریان دەهێنین، بابەتی بەردەستن و ئەوانەی لێیان دەکۆڵینەوە بابەتی دەرەکین، ئەوکاتەی چەکوشەکە بۆ مێخ داکوتان بەکاردەهێنم، بابەتێکی بەردەستە، ئەگەر کەسێک پرسیارم لێ بکات و بڵێت چەکوش چییە؟ چەکوشەکە دەبێت بە بابەتێکی دەرەکی بۆ لێکۆڵینەوە.

لە ڕوویەکی دیکەوە هایدگەر دەڵێت: خودی جیهان هەبوویەکی نێو جیهان نییە، لەگەڵ ئەمەشدا ئەوەندە بەسەر هەبووەکانی نێو جیهانەوە کاریگەرە، هەروەها هایدگەر بە قووڵی لە هێماکان و ئاماژەکردن دەدوێت و بۆ مەبەستی تێگەیشتن لە دیاردەی ئاماژەکردن، ئۆنتۆلۆجیانە بوونی ئامێرەکان شی دەکاتەوە، یان ئەو ئامێرەی کە ئاماژەکردنی تێدا دەدۆزرێتەوە، چونکە ئامێرەکان خۆیان دەردەخەن کە خەسڵەتی بنەڕەتییان لە ئاماژەکردن و دەرخستندا هەیە، ئەم هێمایانە بەسەر شوێن و ئاڵا و لافیتەی پرسەکان دەبینرێن، نیشانەدانان جۆرێکە لە ئاماژەکردن، هەروەها هەموو ئاماژەکردنێک پێوەندییە، بەڵام هەموو پێوەندییەک ئاماژەکردن نییە، هەموو نیشانەکردنێک ئاماژەکردنە، بەڵام هەموو ئاماژەکردنێک نیشانەکردن نییە، کەواتە هەموو نیشانەکردنێک پێوەندییە، بەڵام هەموو پێوەندییەک نیشانەکردن نییە، نیشانەکردنەکە کە هێماکە ئەنجامی دەدات جۆرێکە لە ئاماژەکردن، نیشانەکردن لە بنەڕەتەوە لە ئاماژەکردنی پێکهاتووی حاڵەتی ئامێر جیا دەکرێتەوە.

ئەوکاتەی هێماکان دەردەکەون، کەس لە خۆڕا بە بابەتی دەرەکی دایاننانێت و بە دیاریکراوی دادەمەزرێن تاکو بە ئاسانی بناسرێن، ئەوەی لەم هێمایەدا دەردەکەوێت لە تەماشاکردنی ژیانی ڕۆژانەدا نیگەرانییە، هێمایەکە ئاماژە بۆ زۆر شت دەکات، چەند ئاماژەکردنەکەشی بەرفراوان بێت، ئەوەندە کەمتر دەناسرێت و سوود دەبەخشێت، تەنانەت بۆ ئەو کەسەی بەکاری دەهێنێت کەمتر دەردەکەوێت، ئەو هێمایانەی کە مرۆڤی سەرەتایی لە جادووگەری و فیتیشیزم دا بەکاری هێناون، دوکتۆر محەمەد کمال لە پەراوێزی لاپەڕە ١٤٢دا بەم شێوەیە لە چەمکی فیتیشیزم لای سیگمۆند فرۆید دەدوێت: لە سایکۆلۆجی شیکاریدا، فیتیشیزم بە نەخۆشی دەروونی دادەنێت و بە مەیلی سێکسییەوە گرێی دەدات، ئەگەر

کەسێک بۆ نموونە چێژی سێکسی لە دەسماڵ، یان پارچەیەک جلوبەرگی خۆشەویستەکەی وەرگرێت، فیتیشیستە، هایدگەر لە بەشێکی تری ئەم کتێبەدا بە درێژی لە بابەتی دەورگرتن و ئاماژەکردن و جیهانێتی جیهان دەدوێت، لەنێو جیهاندا ڕووبەڕووی بابەتی بەردەست دەبینەوە، بوونی هەبوویەک کە بابەتێکی بەردەستە پێوەندییەکی ئۆنتۆلۆجییانەی لەگەڵ جیهان و جیهانێتیدا هەیە.

هەروەها ئاشنابوونی دازاین لەگەڵ ئاماژەکردنەکەدا مەرجێکی ئۆنتیکییە بۆ ئەگەری دۆزینەوەی هەبووەکانی نێو جیهان و دەورگرتنەکەی بابەتەکانی بەردەست ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، هەبووەکانیشی بەو جۆرەی هەن، خۆیان دەناسێن. هایدگەر بە وردی لە خەسڵەتە بنەڕەتییەکانی ئۆنتۆلۆجی دیکارت بۆ جیهان دەدوێت، دیکارت «من بیر دەکەمەوە» و «بوونی لەش» لە یەکدی جیا دەکاتەوە، ئەمەش ئۆنتۆلۆجیانە دەبێت بە جیاوازی نێوان گیانی و سروشت، هەروەها بیرۆکەی درێژبوونەوە، کە خەسڵەتە ئۆنتۆلۆجییەکەی لەسەر دەوەستێت جەوهەرێتییە، جەوهەر ئەو هەبووەیە پێویستی بە هیچ شتێک بۆ بوونی نییە، هەر شتێک لە بوونیدا پێویستی بە هیچ نەبووە ئەو شتە پڕ بە واتا جەوهەرە، تەنیا یەک جەوهەر هەیە کە پێویستی بە هیچ نییە، ئەویش بەدڵنیاییەوە خوایە، پاشان هایدگەر چەمکی جەوهەری بڕاوە و نەبڕاوە شی دەکاتەوە، دیکارت دەڵێت: جەوهەر، یان جەوهەرێتی لە دەرەوە ناناسرێت، جەوهەر شتێک نییە کارمان تێ بکات، لەبەر ئەمە هەست بە بوونی ناکرێت، «کانت»یش دەڵێت: بوون بارێکی ڕاستەقینە نییە، ئەمەش دووبارەکردنەوەی بۆچوونەکەی دیکارتە، هایدگەر لێکۆڵینەوە هێرمنیوتیکییە ئۆنتۆلۆجییەکەی دیکارت بۆ ناسینی جیهان شی دەکاتەوە و سەرنجی خۆی لە بارەی بۆچوونەکانی تۆمار دەکات، هایدگەر دەڵێت: پێویستە پرسیار سەبارەت بە جۆری بوونی دازاین بکەین، بۆ گەیشتن بەو بوونەی لە ڕێگەی ئەو هەبووانەی دیکارت بوونیان بە درێژبوونەوە دادەنێت و لە جیهانیان جیا دەکاتەوە، تەنیا ڕێگەش بۆ ئەمە زانینە، بەڵام دیکارت دەیەوێت فەلسەفییانە واز لە ئۆنتۆلۆجی کۆن بهێنێت و ڕوو لە ماتماتیک و فیزیای نوێ و بناغە بەرزەکانیان بکات، لە ئۆنتۆلۆجی کۆندا ڕێگەی گەیشتن بە ڕاستی هەیە و ئامادەکراوە، ئەو ڕێگەیەش درککردنە، یان بەگشتی بیرکردنەوەیە، دیکارت لە هەمان ڕوانگەی ئۆنتۆلۆجی کۆنەوە ڕەخنە لە چەمکی هەستکردن دەگرێتەوە دەزانێت لە هەستکردندا هەبووەکان بوونی ڕاستەقینەی خۆیان دەرناخەن، لە ڕوویەکی دیکەوە دیکارت بوونی شتێک کە سەر بە هەستکردنە وەردەگرێت و بەو بوونەی دادەنێت کە خۆی دەیناسێت، هەروەها دیکارت بوونی دازاین کە بوون لەنێو جیهان پێکهاتەی بنەڕەتی ئەوە لە بوونی ئەو هەبووەی خەسڵەتی درێژەوە بوونی هەیە و جەوهەرە کە جیا ناکاتەوە، بۆیە نەیتوانیوە کێشەی بنەڕەتی ئۆنتۆلۆجی دازاین ڕوون بکاتەوە. لێرەدا هایدگەر دەڵێت: تەنانەت ئەزموونی پێش-فینۆمینۆلۆجیانە نیشانی دەدات کە لە هەبوودا شتێک هەیە بە تەواوی ناناسرێت، لەبەر ئەمە پێویستە بوونی هەبووەکان بدۆزینەوە، بەڵام بۆ دیکارت پاش دانانی درێژبوونەوە، وەک خەسڵەت دژوارە بە بوونی جەوهەر بگات، پەنابردنیش بۆ خەسڵەتی بە بەهاکردن ئێمە لەبوونی بابەتەکانی بەردەست دوور دەخاتەوە و ڕێگە نادات ببێت بە تێزێکی ئۆنتۆلۆجیانە.

دواتر هایدگەر دەڵێت بۆچی لە سەرەتاوە لە ئۆنتۆلۆجی کۆندا دیاردەی جیهان کە بۆ ئێمە گرنگە، «بە تایبەتی لای پارمەنیدس» چاوپۆشی لێ کراوە؟ بۆچی چاوپۆشی لێ کردنەکە بەردەوام سەری هەڵداوەتەوە، ئاخر جیهان، دازاین و هەبووەکانی نێو جیهان پێکهاتەی ئۆنتۆلۆجییانەن و نزیکترین لە ئێمەوە، هایدگەر لەم بەشەدا لە دەوروبەرێتی و ژینگە و شوێنی دازاین دەدوێت و چەمکی نیگەرانی و دووری و نزیکی شوێن سەبارەت بە دازاین شی دەکاتەوە، دازاین بەرانبەر بوون لەنێو جیهاندا بە بوونی لەنێو شوێن ناوبردە بکەین.

ئەگەر ئەم جۆرە بوونە لە نێو شوێن بە دازاینیش بدرێت، هێشتا دازاین لە دەرەوەی شوێندا دانانرێت، چونکە هەموو هەبوویەک لەنێو جیهاندا دەبێت لە شوێندا بێت، ئەوە شوێنبوونی ئەو پێوەندی

ئۆنتۆلۆجییانەی بە جیهانەوە هەیە، دواتر هایدگەر ئەم بابەتانە دەخاتە بەر لێکۆڵینەوە، شوێنێتی بابەتی بەردەست لەنێو جیهاندا، شوێنێتی بوون لەنێو جیهان، شوێن و شوێنێتی دازاین، شوێن هەمیشە ئەو شوێنە، یان ئەوێیە وەک دیاردەیەک شتە سوودبەخشەکانی تێدا دانراون، هایدگەر ئەو شوێنە بە ناوچە ناو دەبات، شوێنەکان بە بابەتە بەردەستەکان لەنێو نیگەرانیماندا دەدرێن، یان ئێمە تووشیان دەبین، کەوابوو ئەوەی بەردەوام بابەتێکی بەردەستە و لەنێو جیهاندایە شوێنی هەیە، هەروەها دازاین وەک بوونی لەنێو جیهاندا سەر بە شوێنە و شارەزایانە و بە نیگەرانییەوە مامەڵە لەگەڵ هەبووەکانی نێو جیهان دەکات. دازاین لە بنەڕەتەوە نزیکییە، شتەکان بەرەو خۆی دەبات، نزیکی دووریش دەدۆزێتەوە، نزیکی پێشمەرجێکی ئۆنتۆلۆجییە دووری و نزیکی هەمیشە بوونێکی نیگەرانی بۆ ئەو شتانە هەیە.

لێرەدا دوکتۆر محەمەد کەمال سەبارەت بە چەمکی دووری و نزیکی لای هایدگەر دەڵێت: (بە بۆچوونی من لەم حاڵەدا هایدگەر لەگەڵ «هێنری برگسۆن» هاوڕایە، کە دەڵێت دووری و نزیکی لەنێو کاتی ئاگامەندیدا چەندەکی نییە، هەروەها پێوەندی بە هەستکردنی ناوەوەی مرۆڤەوە هەیە)، لای هایدگەر نیگەرانی بڕیار لەسەر دووری و نزیکی بابەتەکانی بەردەستی نێو ژینگە دەدات و نزیکییەکە دیاری دەکات. لێرەدا هایدگەر ڕەخنە لە چەند گوفتارێکی «کانت» دەگرێت، بە تایبەتی سەبارەت بەو کەلوپەلە بەردەستانەی کە کانت دەڵێت «لەنێو بیرکردنەوەمدا هەبوون»، پێی وایە کانت ئەو بنیادانەی نەبینیوە و نەیتوانیوە لە پێکهاتەی ئەگەری ئاراستەکردن تێ بگات، چونکە دازاین لای هایدگەر ئەو هەبووەیە بە نیگەرانییەوە لەنێو شوێندایە و لەنێو جیهاندا دەدۆزرێتەوە، هاوکات هایدگەر پێی وایە: نە شوێن لەنێو «خۆ»دایە و نە جیهانیش لەنێو شوێندا، بەڵام دازاین بە واتا ئۆنتۆلۆجییەکەی سەر بە شوێنە، هەروەها شوێنێتی بەگشتی لەسەر بناغەی جیهان دەدۆزرێتەوە، لەسەروو ئەمەشەوە بەو جۆرەی شوێن بۆ دازاین دەبێت بە بنەمای بوونی- لەنێو- جیهان یەکێکە لە پێکهاتەکانی جیهان، لێرەدا هایدگەر دەپرسێت، دازاین لە ژیانی ڕۆژانەیدا کێیە؟ پرسیارەکەیش پێوەندی بە بوونییەوە هەیە، کە بۆ بوونی لەنێو جیهاندا بنەڕەتییە، دازاین ئەو هەبووەیە کە لە هەموو بارودۆخێکدا خودی منە، بوونی ئەو بوونی منە، واتای من، بکەر و خۆ دەردەخات، ئایا چی لە بوونی من زۆرتر لە گومانبەدەرە، کاتێک دازاین لەنزیکەوە دەڕوانێتە بوونی خۆی هەمیشە دەڵێت، من ئەو هەبووەم، هەبووەکان لەنێو جیهاندا ئەو جیهانەی بۆ منە بۆ کەسانی دیکەش بابەتی بەردەستە، ئەوانەی ڕووبەڕوویان دەبینەوە ئامێرەکان «بابەتەکانی بەردەست»، یان سروشت «بابەتی دەرەکی» نە و لە دازاینەوە جیاوازن، ئەگەر جیهان بە بابەتەکانی نێو جیهانە، چونکە دازاین لە هەموو بارودۆخێکدا بوونی خۆی هەیە، جیهانی دازاین جیهانە لەگەڵ ئەواندا، بوون لەنێو بوونە لەگەڵ کەسانی دیکەدا، ئێمە زۆرجار لەنێو ئەواندایین، ئەوان لەوێداو لەگەڵ ئێمەدان، بەڵام لە ئەوان نامۆین، ونبوون و دوورکەوتنەوە، دوو شێوازی بوونی دازاین لەگەڵ ئەواندا و لەنێو جیهاندا.

لێرەدا هایدگەر زۆر بە قووڵی لە چەمکی نیگەرانی دەدوێت و لەگەڵ بوون پەیوەستی دەکات، تەنانەت بایەخدان بە خواردن، جلوبەرگ و لەش لە کاتی نەخۆشیدا شێوازی نیگەرانین، چونکە نیگەرانی پێشمەرجێکی ئۆنتۆلۆجییە، هەروەها خەسڵەتەکانی بوونی ڕەسەن شی دەکاتەوە، واتای نیگەرانی بەو شتەوە بەستراوە کە بۆی نیگەرانین، کەوابوو، بوونی کەسانی دیکە لە نیگەرانیدا دەردەکەوێت، بەرجەستەبوونی کەسێکی دیکە لە نیگەرانیدا لە بنەڕەتەوە سەر بە بوونە لەگەڵ ئەوەدا ئەم دیاردەیە بە هاوسۆزی نێو دەبرێت، کە یەکەم پردی ئۆنتۆلۆجییە کەسێک لەنێوان خودی خۆی و خودەکانی دیکەدا دروست دەکات، لە هەمان کاتدا هاوسۆزی دیاردەیەکی بوونگەرانەی سەرەکی نییە، ئەمەش لە کێشە و گرفت بێبەشی ناکات، پێویستە هێرمنیۆتیکە تایبەتەکەی ڕوونی بکاتەوە کە چۆن بوون لەگەڵ یەکدی و خۆ ناسین کۆسپ دەخەنە بەر ئەگەرە جیاوازەکانی پێکەوەبوونی دازاینەکان، کەوابوو ئەو کەسە کێیە

کە بوونی ڕۆژانەی بوون لەگەڵ یەکدیدا داگیر دەکات، هایدگەر چەمکی نیگەرانی و نامۆبوون و ڕەسەنایەتی و ناڕەسەنایەتی و گشتاندن، یان بە گشتیکردن شی دەکاتەوە، بە گشتیکردن هەموو شتێکی ڕاڤەکراوی دازاین و جیهان داگیر دەکات.

هایدگەر بە قووڵی لە چەمکی گشتاندن و ئاستی خۆ ناسین و بوونی ڕەسەن و ناڕەسەن دەدوێت و جۆرەکانی نیگەرانی شی دەکاتەوە و دەڵێت: بەڵام دازاین لەگەڵ خۆیدا هەموو شتێک دەهێنێتە «ئەوێ» لە بنەڕەتەوە دازاین دەبێت لەوێدا بێت، ئەگەر لەوێدا نەبێت بە هیچ جۆرێک دازاین نییە، هایدگەر بوون لەوێ وەک چەمکی مەزاج شی دەکاتەوە، هەڵبەتە مەزاج دەگۆڕێت، یان لەناو دەچێت، بەڵام دازاین هەمیشە بە مەزاجەوە دەمێنێتەوە، مەزاج بوونی مرۆڤ بەو جۆرەی ئەو کەسە هەیە و دێتە پێشەوە بەرجەستە دەکات، بەو جۆرەی کەسەکە هەیە و مەزاجییە، دەبێت بە بوونی لەوێدا، هەروەها چەمکی فڕێدان فاکتۆری بوونی دازاین دیاری دەکات، دازاین دەبێت لە ڕێگەی ویست و زانینەوە ببێت بە خاوەنی مەزاجەکانی لە ڕوویەکی دیاریکراوی ئەگەری بوونەوە، هایدگەر بە قووڵی لە خەسڵەتەکانی مەزاج و هەستە ئونتۆلۆجییەکان دەدوێت و ئاماژە بە بۆچوونەکانی ڕواقییەکان و ئەرستۆ و زانا تیۆلۆجییەکان دەدات، ئەوەی لە کاتی ئەوان و دوای ئەوانەوە بایەخی پێ نەدراوە و پێش نەخراوە، ڕاڤەکردنی ئۆنتۆلۆجیانەی بنەڕەتی کارتێکەرەکان و هەستکردنەکانە کە خراونەتە نێو بابەتەکانی سایکۆلۆجییەوە، شیلەر بەرهەڵستیکردنەکەی ئۆگۆستین و پاسکالی ڕەچاوکردووە، بەڵام هێشتا بابەتەکە لە تاریکیدا ماوەتەوە، مەزاج تەنیا فڕێدانی دازاین بۆ نێو جیهان نییە، بەڵکو حاڵەتێکی بوونگەرانەیە و تێیدا دازاین بەردەوام خۆی دەدات بە دەست جیهانەوە و بە جۆرێکیش بایەخ بە جیهان دەدات، کە تێیدا بوونی خۆی لەبیر دەکات.

هایدگەر لەم بەشەدا جۆرەکانی ترس وەک چەمک و شێوازێکی مەزاج شی دەکاتەوە، ترس هەمیشە بوونی دازاین لەوێدا دەردەخات، ترس هەڕەشەکردنە لە بوونی دازاین، چونکە دازاین بە نیگەرانییەوە لە بووندایە، ترس شێوازێکی مەزاجە، دواتر لە چەمکی تۆقین، دەستەمۆکردن، شەرمکردن، گومان، ڕاچڵەکاندن دەدوێت کە هەموویان ئاماژەن بۆ بوونی دازاین لەنێو جیهاندا بە ترسەوە، ترس ئەگەرێکی بوونگەرانەی دازاینە، ئەوجا چەمکی تێگەیشتن شی دەکاتەوە، مەزاج بنیادێکی بوونگەرانەیە و لەگەڵ ئەم بنیادە تێگەیشتن هەمان گرنگی هەیە، ئەگەر ڕاڤەی تێگەیشتن وەکو پێشمەرجێکی ئۆنتۆلۆجی بکرێت، ئەوە ئەم دیاردەیە دەبێت بە شێوازێکی بنەڕەتی بوونی دازاین، هەروەها لە بارەی چەمکی ڕوانین، بینین و پێوەندی نێوان ڕوانین و تێگەیشتن دەدوێت، کە چۆن سۆسە (حەدەس) و بیرکردنەوە لە تێگەیشتنەوە دەردەچن.

دازاین وەکو تێگەیشتن پرۆژەی بوونی لەسەر ئەگەرەکان دادەمەزرێنێت و ڕاڤەکردنی بوونگەرانە لەسەر زەمینەی تێگەیشتن سەرهەڵدەدات، بەڵام تێگەیشتن لە ڕاڤەکردنەوە پەیدا نابێت، واتە ئەو جیهانەی لێی تێگەیشتووین ڕاڤەی بۆ دەکرێت، هەبووەکان لەنێو پرۆژەی تێگەیشتندا ئەگەرەکانی خۆیان دەردەخەن و دازاین هەوڵی تێگەیشتنیان دەدات و واتایان دەردەخات، واتا پێشمەرجێکی ئۆنتۆلۆجی بوونی دازاینە، تەنیا دازاین خاوەنی واتایە، چونکە دەیەوێت بوون لە ڕێگەی دۆزینەوە و دەرکەوتنی هەبووەکان پڕ بکات، لێرەدا پرۆسەی پڕکردنەوەی بوون لە فەلسەفە و میتودی فینۆمینۆلۆجی- ئۆنتۆلۆجیانەی هایدگەردا، گرنگترین چەمکی بوونگەراییە، چونکە هایدگەر بە پێچەوانەی فەلسەفەی میتافیزیکیی ئەفلاتوون.. دیکارت بیر دەکاتەوە، واتە بوون وەک جەوهەرێکی پڕ و تەواو کۆ نابینێت، کە لای ئەوان دوالیزمی گیان- ڕوح و لەش، خراوەتە بەر لێکۆڵینەوە و جەوهەری گیانەکی بە پڕ و تەواو کۆیی لە قەڵەم دراوە کە هیچ جۆرە گۆڕانکارییەک قبووڵ ناکات، چونکە ڕوح پڕە و پێویستی بە پرۆسەی پڕکردنەوە نییە، دواجاریش بە هەمان شێوەی تەواو کۆیی لە لەش جیادەبێتەوە، بەڵام لای هایدگەر بوون لە بنەڕەتدا بێ بنەڕەت و پڕاوپڕە لە کەلێن و بۆشایی، واتە بوون لە ڕێگەی تێگەیشتن و ئاگاییەوە کونوکەلەبەر و کەلێن و

بۆشاییەکانی پڕ دەکاتەوە، بۆیە مرۆڤ وەک بوونێکی فڕێدراو بۆ نێو جیهان لەگەڵ ئەوی دی دەژی و لە ڕێگەی چالاکییە جۆراوجۆرەکانییەوە هەوڵ دەدات بۆشاییەکانی نێو بوونی پڕ بکاتەوە، بەڵام پڕ کردنەوەیەک هەمیشە پەیوەستە بە چەمکی نیگەرانییەوە، دواجاریش «مەرگ» دێت و سەرتاسەری بۆشاییەکانی بوونی پڕ دەکاتەوە و دوایین واتای پێ دەبەخشێت.

لای هایدگەر ڕاڤەکردن و گەڕان بەدوای چەمکی واتا، بنەمایەکی بوونگەرانەی هەیە، لای هایدگەر بازنەی تێگەیشتن ئەوە نییە هەموو زانینێک بتوانێت خۆی بهاوێتە نێوی، بازنەی تێگەیشتن سەر بە بنیادی واتایە و لەنێو پێکهاتەی بوونگەرانەی دازایندایە، کە ئەو تێگەیشتنە دەتوانێت ڕاڤە بکات، هایدگەر لەم بەشەدا کۆمەڵێک چەمک و زاراوە دەخاتە ژێر شیکردنەوە، پێی وایە هەموو ڕاڤەکردنێک لەسەر زەمینەی تێگەیشتن ڕادەوەستێت، ئەوەی لە ڕاڤەکردنەکەدا ڕوون کراوەتەوە و لە تێگەیشتنەکەدا خراوەتە بەردەم، واتایە، دواتر لە کێشە و گرفتی چەمکی ڕاستی دەدوێت و دەڵێت: ڕێگە دەدەین هەبووەکان وەک خۆیان دەرکەون، هەروەها لە چەمکەکانی داکۆکیکردن، خەسڵەتدانان، ئاماژەکردن دەکۆڵێتەوە و پێی وایە داکۆکیکردن ناتوانێت نکوڵی لە ناوچە ئۆنتۆلۆجییەکەی خۆی بکات، کە لە ڕاڤەکردنی پاش تێگەیشتندایە، ئەو وەکوو بە بنەڕەتی دادەنێین، کە لە تەماشاکردن و ڕاڤەکردنێکی تێگەیشتوانەوە «هێرمینا» پەیدا دەکات، لە هەمان کاتدا هەموو لۆگۆسێک تێهەڵکێشە و جیاکردنەوەشە، لێرەدا هایدگەر جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە ئێمە بە ئاشکرا لۆجیکی لۆگۆسمان لەسەر بناغەی شیکردنەوەی بوونگەرانەی دازاین بەرزکردووەتەوە.

هایدگەر بە وردی لە بوون لەوێ دەدوێت و چەمکی گوتار و مەزاج و تێگەیشتن و زمان شی دەکاتەوە، لە تێگەیشتندا ئەگەری ڕاڤەکردن سەرهەڵدەدات، هەروەها دیاردەی زمان ڕەگی لەنێو پێکهاتەی بوونگەرانەی دەرخستنەکەی «دازاین»دا داکوتاوە، پێشمەرجی ئۆنتۆلۆجی بۆ بنەڕەتی زمان، گوتار، یان گوتنە، گوتار وەک، مەزاج و تێگەیشتن گرنگە، تێگەیشتن پێش ڕوونکردنەوە و ڕاڤەکردن ڕوودەدات، گوتار ڕوونکردنەوەی تێگەیشتنە، لەبەر ئەمە سەر بە ڕاڤەکردن و داکۆکیکردنیشە، ئەوەی لە ڕاڤەکردن و ڕوونکردنەوەدا دەناسرێت، یان لەنێو گوتاردایە «واتا»یە، هەروەها ئاماژەکردنەکان بەو جۆرەی ڕوونکردنەوەیان لەگەڵدایە، واتا هەڵدەگرن، ئەو تێگەیشتنەی لە مەزاجدا ڕوودەدات بە گوتار خۆی دەردەبڕێت، سەرجەمی ئاماژەکردنەکان دەخرێتە نێو وشەکانەوە، بۆ ئاماژەکردنەکان، وشەکان سەرهەڵدەدەن، بەڵام ئاماژەکردنەکان وشەکان ناهێننە کایەوە، بەو جۆرەی زمان خۆی لە گوتاردا بەرجەستە دەکات و دەبێت بە سەرجەمی وشەکان، لەوێوە گوتار بوونی خۆی لەنێو جیهاندا دادەمەزرێنێت، گوتار لە ڕووی بوونگەرانەوە زمانە، چونکە ئەو هەبووانەی لە ڕوونکردنەوەدا دەردەکەون و ئاماژەیان بۆ کراوە لەنێو جیهاندان، گوتار پێکهاتەی بوونگەرانەی دەرکەوتنی دازاین و بوونی دازاینیشە، لێرەدا دوکتۆر محەمەد کەمال لە پەراوێزی لاپەڕە ٢٣٧دا بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی چەمکی گوتار و زمان سەبارەت بە دازاین بەم شێوەیە لە مەبەستی هایدگەر دەدوێت، مەبەستی هایدگەر لەم خاڵە ئەوەیە، کە مرۆڤ بەو جۆرەی فڕێ دراوەتە نێو جیهانەوە، فڕێ دراوەتە نێو زمانەوە، زمان دیاردەی تاکەکەسی نییە، مادام بوونی جیهان و کەسانی دیکە پێش بوونی تاک دەکەون، زمانیش لەم حاڵەتەدا پێش بوونی تاک دەکەوێت. کاتێک تاک دێتە جیهانەوە خۆی لەنێو زمانێکی لەپێشتر ئامادەکراودا دەدۆزێتەوە، هەروەها هایدگەر سەبارەت بە گوتار دەڵێت: لە هەموو گوتارێکدا شتێک هەیە لەسەری بگوترێت کە کەسێک حەز دەکات بیزانێت، پرسیاری سەبارەت دەکات و بیروڕای خۆی لەسەر دەربڕێت، هەروەها لە گوتاری شیعریدا ڕاگەیاندنی ئەگەرەکانی بوونی مەزاجی کەسێک، لەوانەیە ببێت بە ئامانج بۆ ئەو، ئەمەش دەرخستنی بوونە، تێگەیشتن لە بوون لەنێو جیهان، لە گوتاردا بە گوێرەی ئاماژەکردنەکان ڕوون دەکرێتەوە، لێرەدا گوتار ڕوونکردنەوەیە، هەروەها بۆ ناسینی «ناوەرۆکی زمان» ڕوو لەم توخمانە دەکرێت، چەمکەکانی، وەک

دەربڕین، شـــێـــوازی هێـــمـــایی، ڕاگـــەیاندن وەک داکـــۆکی کـــردن، ناسینەوەی ئەزموون دەبن بە کلیل بۆ تێگەیشتن لە ناوەڕۆکـەکـە، ئەگـەر کـەسێـک ئەم هەمــوو چەمکانە کـۆ بکاتەوە و لە یەکیان بدات، هێشتا ناتوانێت پێناسـەی زمـانیـان پێ دروست بکات، پێویستـە قووڵتر کـــار لەســـەر ئەم بابەتە بکرێت و لەپێـشـــتـر ســەرجـەمی بنیــادی ئۆنتـۆلۆجـیـیـانەی- بوونگەرانە بۆ گـــــوتار لـەســــــەر بـنـەمـــــــای شیـکردنەوەکـەمان بۆ دازاین دیاری بکرێت، هەروەها تێگەیشتن لە زۆر گـوتن و زۆر بیـــســتنەوەوە پەیدا نابێت. ئەوەی تێ بگات دەتوانێت ببیـسێت، لە گـفـتوگـۆدا ئەوەی بێ دەنگە دەیەوێت تێ بگات، مـــادام گــوتار پێکهـــاتەی بوونە لەوێدا پێوەندی بە مـەزاج و تێگەیـشـتنەوە هەیە، کـاتێک دەڵێین دازاین لەنێـو جیهاندایە مەبەستمان بوونێتی و بە گـوتار لەوێدا خـۆی دەردەبڕێت، ئەو خاوەنی زمانە، پێویستە زمان لەسەر بناغــەی ئۆنتـــۆلۆجی دابمەزرێنین، ڕاڕەوی ئامــاژەکــردن ڕەگی بەنێـــو ئۆنتۆلۆجی دازایندا داکوتاوە، مان و نەمـــانی دەکـــەوێـتـــە ســـەر ئەم ئۆنتۆلۆجییە، ڕزگارکردنی ڕێزمان لە لۆجیک، پێش هەموو شتێک داوای تێگەیشتنمان لە بنیادی بنەڕەتی و لەپێـشـتری گـوتار بەگـشـتی، وەک پێـشـــمـەرجـێکی ئۆنتـــۆلۆجی لێ دەکـات، ئەمـەش بە چاکـسـازی و دەستکاریکردنی نەریتـە کـە نایەتە کـایەوە، پێــویســتــە لە فـۆرمـە گـــرنگەکـــان بکۆڵینەوە کــــە لە ڕێـــگـەیـــانــەوە دەتــوانــین ئـــەوەی تێگەیشـــتـووین، ڕوونی بکەینەوە، من لەم خـــوێندنەوەیەدا هەوڵم داوە زۆرترین داتا و زانیــاری بە هەمـــان زمانی وەرگێڕی کوردی بگوێزمەوە، مەبەستم ئەوەیە پوختـەی میـتـودە فینۆمینۆلۆجییە ئۆنتـۆلۆجییـەکەی مـــارتن هایدگـــەر دیاری بکەم، کـــە وابەستـەیە بە دازاینەوە، لەم بەشەدا کارم لەسەر (٢٤٢) لاپەڕەی کتێبی «بوون و کـــات» کــــردووە، ڕەنگە لە خوێندنەوەی داهاتوودا کـار لەسـەر بەشەکانی دیکەی کتێبەکە بکەم.

**سەرچاوە:**

**ناوی کتێب: بوون و کات.**

**نووسەر: مارتن هایدگەر.**

**وەرگێڕانی: دوکتۆر محەمەد کەمال.**

**دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.**

**چاپی یەکەم.. ساڵی ٢٠١٣.**

**چاپخـــانەی ســـەردەم سلێـــمـــانی-کوردستان.**